# كورد چـێ گەرەكە ؟

كوردەكان داواى نيمچە ئۆتۆنۆميـيـەك دەكەن ،بــەلأم لە وانەيە عەلى سيستانى وئەوانى تر رازى نەبن.

ئەمە گووتەى سەرۆكى پەيوەندييەكانى دەرەوەى كۆنگريسى ئەمريكايە لە وەلأمى پرسيارەكانى گـەلى ئەمريكا ولە سەر شاشەى تەلەڤيزيۆن و بەرەورووى گـەلى ئەمريكا.

كورد چـى گـــەرەكـــە.؟؟

ئەوەى هەست و ورە وتواناى ڕشتنى خوێنى تەنيـا مرۆڤێـكى لەهەناودا ببێت ،بە بێگـومان كوشـتن وڕشتنى خوينى چەندەها كەس وتەنانەت لە ناوبردنى كومەلگەلێكـيشى لە دەسـت دێت.

ئەمريكا ،هەر ئەمريكاكەى جارانە وبڕێكـيش غەڕڕەتر لە جارى جاران. ئێستەكە ولە دواى 11 سپتەمبەرى 2001وە ئەمريكاى هەوپەيمان وتاقانەى زۆر لە جيهاندا ،وەك شـێرى برينـدار لە ناو جەرگەى جەنگـەلى ديپـلۆماسى جيهان ولە ناو جغزى رۆژهەلأتى سيحراويى ،سـەركەش و شـەڕانى لە سـاحەدا ويسـاگە. زۆر بە هێزە بەلأم زيز وعاجزە و ماندووتـرە لە ڕابـردوو.

هاتنى گەورە كاربەدەستێكى ئەمريكى ريچارد ئارميتاژ بۆ هەولێر وبۆ خزمەت بارزانى ودوابە دواى ئەويش هاتنى هيليكۆپتەرە جەنگييەكانى ئەمريكا بۆ سەر هەولێر لە 5 / 1 / 2005 دا وتەقەكردنى كوێرانە و بريندار كردنى خەلك. چەككردنى پۆليسەكانى حكومەتى كوردى و تەنانەت تەققە لە ئاسايش وپۆليسى كوردستان ،سەرەڕاى ئەوەى كە بەشە نێوخۆيى خويندكارانى زانكـۆ درانە بەر رۆكێت و سوتيندران ودوايەيش بەبێ هيچ ڕوونكردنەوەيەك ناوچــەكەى بەجێهێشتن و....!!

بەردێك لە بەردێك كەوێت دەنگى لێدەبێتەوە. بەلأم دەنگى ڕوودانى ئەم دەبەنگــە تەنانەت لە حدود و سنورەكانى كوردستان بەو لاترەوە نەپەڕينەوە.!!

دەنگى ئەمجارەى ئەمريكاى هەوپەيمان ،دەنگێـكى بە پێچەوانەى هەموو دەبەنگييەكانى پار وپێرار و بە گشتى ڕابردوو بــوو.!

چ زوو بــوو.؟

تۆ بلێى ئەمريكا هەر بەم زووانە ڕەنگ و ڕووى خۆى لە ئێمەى كوردى هەوپەيمان و دۆستى بێ بەخت وكەمچارەى خۆى وەرگـەڕاندەوە و ڕۆيى وچوو ؟؟

چــوو پرى دايە سەر چۆپى.!

چۆپى شايى و زەماوەند و هەلپەڕكێى هەلبژاردنەكانى عێراقى هيوا و ئاشتى ،لە حالێ حازردا لە دەست خوشك وبرا بە ڕێزەكانى ئەهلى تەشەييوع دايە.

کورد یان ئەمریکا کامیان لەونیان لە خۆیان گۆڕیوە.؟ پرسـیارێکی مێژووییە وهیچ موعەمما وئەممایەکی سەرزارەکی وفەریبەندەی تێـدا ناگونجێت.

شەڕ وململانێ و هەموو قاژ وقیژوپەلەقاژێی گشت ئەم دنیایە. لۆ قازانج ومەسلەحەتە.
زۆربەی سەرکەوتن و تەنانەت دواکەوتنەکان لە گرەوی پول وپـارە وزێـر وزێـو و گشـت ئەم سەرمایەگەلە قیمەتی وبە نرخانە لە شوێنی بلیند و نەوی ژێر زەوی گـەیـودان. لە هەماندەمدا ،چی هێزی زولم وزۆری نەگبەت ونەهاتیشـە والە گـەدە وگیپالێ چاڵە ڕەشەکانی نەوتیـدا ولە ناو بازنەی ڕۆژهەڵاتی ناوێندا.

دەنگی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کۆتایی ساڵی پار ولە کۆبوونەوەی گشتی لە تەک کوردەکانی ئەمریکا ولە کۆڕی ڕۆژنامەڤانانی کوردسـتان ولە هەولێری پێتەختی کوردستان ،ڕەنگ و ڕووی ڕوخساری دەروونیی ئەمریکای سەبارەت بە کورد وداهاتووی کوردسـتان ڕوون کردوە و ڕاستییەکانیش نوواندویانە کە کورد وەک بەشێکی سەرەکی لە پرۆژەکانی ئەمریکادا ،شـوێن پێیـەکی سەنگـین و قـورس وگـرانیان بەدەسـتەوە نییـە. کاتێکـیش دەنگی کەرکوک بۆ هەڵبژاردنی بەر لە وادەی جێبەجێـکردنی یاسـایی مادە 58 ی ئەنجومەنی حکومەتی کاتی بـەرز بـووەوە. دەنگـی ئەو دەبەنگـییەی ئەمریکا لە هەولێـر بەرز بـووەوە. ئەو دەنگ وئەم بێنـە وبـەرە پەیامێـکی دیار و نادیار ،لە هەماندەم مزگێنییەکی ناخۆشیشی لۆ کوردەکە پێیـە.
ئاخۆ ،گەلی کورد بەگـشتی و گەورەکانی کورد بە تایبەتی گوێیان لەو دەنگ و دەبەنگانەی جیهانی سیاسەت هەیە.؟
⁕ کوردەکان داوای نیمچە ئۆتۆنۆمییەک دەکـەن، بەڵام لە وانەیە عەلی سیستانی و ئەوانی تر ڕازی نەبن. ئەمەلێدوانی ریچارد لوگـەری سـەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمریکایە بۆ تەلەفیزیۆنی کەناڵی فوکسـی(fox)ی ئەمەریکی لە 29 ـ 11 ـ 2004 کە بەروونی ئەم ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە کورد لە ناو بازنەی بازاری ڕۆژهەڵاتی سیحراویی ئەمەریکا وئینگلیز و کوردستان ولە ناو جەغزی پرۆژەی بازارچەی عێراقی هیوا وئاشتی،حیسابێکی ئەوتۆیان وەک بەشێکی سـەرەکی لۆ نەکردوەتەوە.! لـــۆ.؟

هەر ئەو لۆیە چەندەها بۆیە و لەمەر ئەوەی لەبەر دەمدا قوت دەبێتەوە.

ئێسـتەکە وئەمریکا وداڕێژەرەکانی سـتراتیژی ئەمریکاییەکان بەرەو ڕووی گشت جیهانی ڕوون و ڕووناک بەرعەکسی ئاهەنگی سـاڵی بابردووی پاردەبێـژن: شیـعەکانی عێـراق بە پێـچەوانەی حکومەتی تاران جێگـەی مەترسی وهەڕەشـەیەکی ئەوتۆ نیـن.!!
هەڵبەتە ئەوە تینی دڵی ئەمریکایە. ئەو لە مێژە وزۆری نیـازە تاوەکو بە ناو ونیشـانی حکومەتی تاران ،لە مەرقەدی حەزرەتەینی شەریفەینی شیعەکان لە نەجـەفی ئەشـرەف ولە کەربـەلای قیبلەگەی گشت شیعەکانی جیهان بۆدابمـەزرێت و بیکاتە ڕەقیبی حەریفی سەرەکی خۆی ،بەڵام تۆ بلێـی جیهانی دژە تیرۆریسم لەم بیرۆکەیەدا سەرکەوتوو بێنە دەر یان سـەرشۆڕ ودەمارنـەوی.؟

نانەوەی تەنگژە بۆ تاران لە رێگەی حکومەتێکی شیعەی وەک خۆی لە عێـراقی هاوسێ ئێران ،یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی سەردەم وئاواتی لە مێژینەی ئەمریکایە. بەر لە هەموو شت تەپکـەنانەوەیە بە وێنەی شوێن پەنایەکی مـەزن وفرە پایەبەرز لۆ ئەو مەلا مەزنانەی کە لە شان وپلەی وەک ئایەتوڵلامونتەزەیریدان. پەناگایەکی بە هێز و بە هەیبەتی ئیمامانی عەلی وحوسەین و لەمانەیش گرنگتر و ڕاستتر ئەوەیە کە هەم ئەمریکا وهەمیش ئینگلیز بە نیازی ئەوەن شـەڕی ئەهلی سـوننەی جیهان وبە تایبەتی شـەڕی تیرۆریسـمی جیهانی دەستکردی خۆیان بە گشتی و بەشیـعەکان بفرۆشنـەوە.

ئایە کورد بە گشتی وباشوری ئازاد لە معادلاتەکانی خۆیاندا بە سەهو چـوون.؟

لە تورکییە ولە سلێمانی زۆریانگووت کە سازبوونی حکومەتێکی ئیسلامی دەبێتە هۆی فاجعەیەکی جیهانی ومێژوویی. بەڵام قەت بیریان لە بەرەو ڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشە ومەترسییە نەکردبووەوە. دەسەڵاتی کوردی پێیـان وانەبوو ،بەم زووانـە و لە سەر زاری گەورە بەرپرسانی ئەمریکایی ،تاریف وتەمجیدی شیعە ببیسن وهەواڵی بەرپابوونی کۆپییەی ئەسـڵی کۆماری ئیسلامی لە عێراقی هیوا وئاشتی ولە مەکۆی پرۆڤەگەلی دیموکراسی رۆژهەڵاتی گەورەی ئەمریکایی وئینگلیزدا بشـنەفن.

بەو ئاقارە گەر ئێرانی ئیسلامیش وەک حەکیم وسیستانی بێنـە وەڵام و دابنیشنە سەر مێزی گفت و گۆ لە تەک شـەیتانی گـەورە واتـە ئەمریکا وقـۆڵ لە ملی یەکـدی بهاڵێنن و ببنە دۆست و یار ومەدەدکار و هەودەمی نازنییی یەکتـری. ئاخـۆ ،ئـەوکات بار و دۆخی چەرخی گەردونەی وەفا و دەوری چەپگەردی میهر وسەفا و هێلانەی دووقووڵی و دۆستی نێوان کورد وئەمریکای هەوپەیمان بەرەو کـوێ دەڕوات و ئەم سـەفەرە بـەرەو کوێمان دەبـات.؟

ئایە دۆستی دێرین وستراتیژی کۆماری ئیسلامی وشیعەکان لە گەڵ کورد بە پێی پرنسیپە یان لە سەر رەورەوەی مەسڵحەتی رۆژە.؟ بە بێگومان وەڵامی دووهەمی دروستە.

کێ ئەم سەفەرەی قەرەنتینە کردووە یان دەیکات.؟

مەسئولییەتی مێژوویی وداهاتووی ئەم سەفەرە دەکەوێتە ئەستۆی کێ.؟

ئایە هەموو مسافرەکانی ئەم کەشتییە وتەنانەت خودی موسافربەرەکانی ئەم گەشت وگوزارە قانع و رازی و ئایە گشتیان وبەگشتی خۆازیاری ئـەم سەفەرەن.؟

ئەمریکا مەسڵحەت پارێزە ودایم لە ئەندێشـەی قازانج وبەرژەوەندییەکانی خۆیدایە. تاران وئەنقەرە ودیمشق و بەغایش هەر بەو جۆرە وئوروپایش لە ناو جەرگ ودڵی پەرلەمانەکەیەوە هاوار وفریادەکانی بەر لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ،مەسڵەحەتی خۆیان دەگرێتـەوە وهەموویش مافی خۆیانە. ئـەدی بە عـام و بە گشـتی کـورد چی گـەرەکـە.؟ دنیـایش پێخۆشـە بزانێت کە کورد کێیـە ودەڵێ چی و چی گـــەرەکـە.؟

ئەمە ،ئەرکێکی گرنگ ومێژووییە. تەنیا بە ڕیفراندۆم دەکرێت.

ڕیفراندۆم ،تەنیا دەرمانی دەردە کوردە. داوایەکی شەرعی ویاسایی ومرۆڤییە وبە پێی یاسا ،نەتەوەیەکگرتووکان ناچار بە وەڵامدانەوەی ڕەسمی ویاسایی ڕیفراندۆمە.

ڕیفراندۆم یان واباشترە بڵێن بیانوی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم نیشتووەتە سەر تەخت وبەختی کورد. هیچکاتێک وبە ڕادەی ئەم کات وساتانە ،بیانوی وا لەبار و هەڵکەوتوو لە بۆ بەرپاکردنی ڕیفراندۆم نەهاتووەتە بەردم کورد. کەم کات دێتە کایە وسەماکردن ،مەرج ئەوەیە دەرفەتەکان بە باشی بقۆززێنەوە.

ڕیفراندۆم بە کورتی و بە پوختی بە جیهان دەڵێت کورد چـی گـەرەکـە.؟؟ ئەوەیش نە جورمە و نەتاوان و نەجەنایەتێکی تیرۆریستی کە لە جیهاندا قەدەغـە کراوە و بەڵام هەر پەرەیش دەستێنێت.!

تۆبڵێی حیزبە کوردییەکانیش ئەوەندە بێ هیممەت وبێ وەفا وناسۆز دەرچن دەر هەق بەو خەڵکە فیداکار ولە خۆبوردووە کە سەرتا پای ژیان و ژینی پڕ لە ژانیان لە ڕێی سەرکەوتن وسەرگرتنی کار وبارەکانی ئەوان داناوە ،کـــەچی.؟ ڕۆژێکیشـیان ئیـزن وماوە پـێ نادەن کە چارەی خۆیان وداهاتوویان لە دوو وشەی کورت وگچکەدا ،ئـا یان نـــا بنـووسـن.؟؟؟

.mohammed_karimi

---

* سەرچاوە

1 ـ ئیدارەی بووش کەمتەرخەمە سەبارت بەکورد. نووسینی د.سەباح عەبدوڵا ساڵح .مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بلۆمسبێرگی ئەمریکی.